# خۆشەویستی وولات

خەسرۆ پیربال

جوگا هەمیشە خەو بە دەریاوە دەبینی
دەریاش لە خەوندا شەیدای جوگایە
دلێك بە فەراحی جێگەی لەناو یەك دەستدا دەبێتەوە
سەراپای دونیا قەت لەناو یەك دڵ جێی نابێتەوە
هەموو وولاتێك جوانە,
بەلام داغستانم لە هەموویان خۆشتر دەوێ.
- رەسووڵ هەمزاتۆڤ -

خۆشەویستی نیشتیمان و هەستی نیشتیمانپەروەری وەکوو هەر جۆرێك لە خۆشەویستی هونەرێکە , وە هەموو کەسێك خاوەنی ئەو بەهرە هونەریە نیە, ئەو چەمکەش بەستراوە بە هەندێك بابەت و مەسەلەیتری پەروەردەیی.

باسکردن لە سەر هەستی نیشتیمانپەروەری, باسکردنی چەمکی خۆشەویستیە, خۆشەویستی بەهەموو گۆشەنیگاکانیەوە( Dimention) , ناکرێ باس لە خۆشەویستی وولات بکرێت , بێ ئەوەی سەرجەم گۆشەکانی تری چەمکی خۆشەویستی شینەکرێتەوە.(1)

لەناو فەرهەنگەکانی دونیادا , خۆشەویستی بەواتای چەمکێکی سەربەخۆ ,لە فەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێکی تر دەگۆڕێت, وە مەسەلەی پلەو جۆری ئەو سۆز خۆشەویستی‌یە, بەرامبەر بە کەسێك, وولات , هەر شتێکی تردا, لە فەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێکی تردا دەگۆڕێت.

بارودۆخی ئابووری وولات ,وە ڕادەی تێگەیشتن و پلەی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی هاوولاتیان , وە هەروەها ئاستی پێشکەوتنی کۆمەلگاو مەملەکەتەکە .... هتد , هەموو ئەو فاکتەرانەیە کە هەستی نیشتیمانپەروەری , بەگشتی هەستی بەرپرسیاربوونمان بۆ دیاریدەکات.

ئەگەر بێت و چاوبخشێنینە مێژووی میللەتی کورد ,ئەوە دەبینین کە مێژوویەکە پڕە لە دەردو مەینەتی , شۆڕش و پێکدادان , تالآنکردن و ماڵ وێرانی...... , دەربەدەرکردنێکی بەردەوام , خۆمان بەرامبەر وولآتێکی وێرانکراو و بەشبەشکراودا دەبینینەوە. دیارە کوردەکان وولاتیان هەیە, بەلآم نەیانهێشتووە ببنە قەوارەیەکی ڕامیاری وەکوو هەر میللەتێکی تری سەر ڕووی ئەو زەمینە.

منداڵی کورد لە دایکبووە, چاوی کردۆتەوە بینیوویەتی ماڵی نیە, لەگەڵ دایکی هەر لە خێوەتی پەناهەندەیی و ئاوارەیی بووە, ئەمەش کاریکردۆتە سەر پێکهاتی کەسایەتی تاکی کورد, لەبەر ئەوەشە هەندێك جار کەباس لە کەسایەتی کورد دەکەن , بە بێکەسایەتیبوونی ( Personality ) لەقەڵەمدراوە , یان ئەگەر خاوەنی خەسڵەتێکی ئاواهیش بێت, ئەوە خاوەن کەسایەتیەکی لەرزۆك و ناهەمووارە, بێدەسەلآتبووە بەرامبەر ئەوانی تر , ئەو ( ئەوانەی تر ) هەمیشە بالآدەست بینیووە, خۆیشی بێدەسەلآت یان پاسیف بووە, وە ئەم بارە گرفتی گەورەی کۆمەلآیەتی بەدوواوە هاتووە, جۆری هەڵسووکەوتی , لەناو پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوروبەردا , لەناو ماڵ , خێزان , پەیوەندیەکانی لەگەڵ دایك و خوشك و براکانی , یان لەگەڵ ئافرەتدا, بە بۆچوونی من یەکێك لەو هۆکارانەی کە فەرهەنگی پیاوسالاری دروستکردووە لای پیاوی کورد لەوەوە سەرچاوەی وەرگرتووە کە پیاو لەناو کۆمەڵگادا بێدەسەلآت بووە, لەبەر ئەوە هەمیشە هەستی بە بێدەسەلآتی وای لێکردووە لەناو سنوورێکی تەسکیش بێت( بۆ نموونە خێزان ) , ببێتە دکتاتۆرێکی بچکۆلانەی ماڵەوە, بە ناشرینی و خراپە هەڵسووکەووتی کردووە لەگەڵ ئافرەت و منداڵەکانیدا.

ئەو ( دەسەلآتە ) ناڕەوایەی کە کردەی خۆیەتی بە خراپە شکاوەتەوە بەسەر ئافرەت و منداڵەکان , ئەمەش گرفت و کێشەی تری نوێ بۆ کۆمەڵگای کوردستانی دروست کردووە. ڕۆڵی مرۆڤی کورد لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بەو کەسایەتیە ناکامڵ و لەرزۆکەوە بەندە, لەناو کوردستان یان هەتا لەدەرەوەی کوردستانیش بەدیدەکرێت.

بازدان بەسەر پێکهاتەی کەسایەتی تاکی کورد, بۆ ئەوەی باس لە نیشتیمانپەروەری بکەیین, زیاتر لەوە دەچێت خۆمان هەڵبخەڵەتێنین, نەمانەوێت دەست لەسەر نەخۆشیە سەرەکیەکە دانێین.

بەلآم لەگەڵ ئەوەش , ئەگەر کوردێك نیشتیمانپەروەرنەبوو, ئەوە ناکرێت بکەوێتە ناو خانەی خیانەت و کۆلابۆراسیۆن ( Collaboration ) هاوکاریکردن لەگەڵ دوژمن و ساردی وسڕی هەڵوێست بەرامبەر نیشتیمان, بەڵکوو سەرچاوەکەی لەوە هاتووە کە منداڵی کورد لەناو خێزانێکی هەژارو ماڵبەکۆڵەوە چاوی کردۆتەوە .

دیاره ئەم مەسەلەیە ڕێژەییە, خێزانی شارو لادێ خەسڵەتی جیاوازیان هەیە. بەڵام بەگشتی نەبوونی قەوارەیەکی ڕامیاری و نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی یەکپارچە و خاوەن حکومەتێکی نیشتیمانی و نەبوونی ئالایەك لەژێریەوە هەموو کوردێك هەست بە بوونی نەتەوەیی خۆی , هەست بەبوونی دەسەلاتێك و وولاتێك ناکات , هەموو ئەو دیاردەو هەڵوێست وەرگرتنانەی تر گشتیان ئەنجامی ئەو دیاردەیە کەناوی - بێ وولاتیی یە-.

نووسەرو ڕۆشنبیری کورد مەهاباد کوردی دەڵێت: مرۆڤی بێ وولات و قەوارەی سیاسی سفرێکی گەورەیە ! (2) , من ووشە بە ووشە لەگەڵی دام , هەتا ئەگەر مرۆڤی کورد خاوەن بەهرە بێت, لە ژیان سەرکەوتوو بێت , هیچ گرفتێکی ماددی و کێشەی ڕۆژانەشی نەبێت: بژێوی ڕۆژانە, کار, ناسنامەی وولاتێکی بێگانە, پەسەپۆرتێکی پەناهەندەیی, هەمیشە لایەکی کەسایەتی مرۆڤی کورد بە بۆشی و بە سفری دەمێنێتەوە. خەڵکانێك هەن هەر لە سالانی هەفتاوە لە دەرەوەی کوردستان خاوەنی ناسنامەی ناودارترین دەوڵەتی ئەو دونیایەن, لە هەموو بوارێکەوە هەتا ئاستێکی باشیش سەرکەوتوون, بەڵام هەمیشە لە کێشەو شەڕێکدان لەگەڵ خودی خۆیان , هەمیشە دەزانن , نە ئەو وولاتەی تێدا دەژین و نە ئەو کاغەزو ناسنامانە هیچیان هی ئەوان نین, وە هیچ تام و بۆیان ناکەن.

بە درێژایی سالانی دوورکەوتنەوەم لە کوردستان و گەڕەکی منداڵیم, کاتێك دێمە هەر وولاتێك هەتا پێبدەکرێت چەنگم لەناو خۆڵی ئەو دەڤەرە ڕادەکەم و بۆنی خۆڵیان دەکەم, کەچی مەخابن , هیچ تامیان ناکەم , هەست دەکەم هیچ پەیوەندیەکی ڕوحیم لەگەڵ ئەو خۆڵ و خاکانەدا نیە.

خۆشەویستی نیشتیمان هەستێکە لەگەڵ منداڵ لەدایك دەبێت, وەکوو منداڵ پێوویستی بە پەروەردەوە خۆراك و چاودێری هەیە, منداڵ وەکوو جەستە بەردەوامە و هەرچۆنێك بێت گووزەران دەکات, دایك هەرچۆنێك بێت, هەموو پێداویستیەکانی بۆ جێبەجێ دەکات, بەڵام لای خۆمان ,هەستی نیشتیمانپەروەی وەکوو خۆی دەمێنێتەوە گەشەناکات, لەبەر ئەوەی دەوروبەر هاوکارو پشتیوانی نین, تەواو بە پێچەوانەوە, هەر لەسەرەتای قۆناغەکاندا ( دیارە من مەبەستم قۆناغی پێش سەرهەڵدان و دروستبوونی حکومەتی نیشتیمانی کوردستانە ) , منداڵ لەناو کەش و هەوایەکی نامۆدا پەروەردە دەبێت, لەگەڵێك شوێندا بە زمانێکی بێگانە قسەدەکەن, و دەخوێنن ,لە قوتابخانە لەگەڵ خەڵکانێکی جیاوازن , مێژووی میللەتێکی تر دەخوێنن.

نەزار قەببانی لە یاشتنامەکەیدا دەڵێت: " لە 21ی ئاداری 1923 لە بەیرووت , زەوی و دایکم پێکەوە چاوەڕوانی بوونەوەرێکی نوێیان دەکرد, هەر پێکەوەش منیان هێنا سەر ئەو دونیایە" (3)

شاعیر( دایك/زەوی ) بە سەرچاوە دانـاوە, هـەر لـەو دوو سەرچاوەشـەوە پێویسـتی بـە بەردەوامبوون و مانەوە هەیە, بە جەستە , پێداوویستیەکانی ماددی, خواردن و شیر... , بەڵام لەهەمانکاتـدا, بـۆ بـەردەوامی و گەشـەی فیکـری ڕۆڵـی ( زەوی /خـاك/ وەتـەن ) وەکـوو چـیغێك دەورەی منداڵ دەدەن, هەتا قۆناغەکانی داهاتووش مرۆڤ پێداوویستی پێیان هەیە.

دەربارەی ڕۆڵی ڕێنماییەکان و سیستەمی پەروەردە لە کوردستاندا, دەکرێت بڵێین منداڵی کورد هـەر لـە قۆناغـەکانی ناوەنـدی و هـەتا زانکـۆ بـە زۆری وەکـوو بابـەتێکی سـەرەکی ڕۆشـنبیری نەتـەوەیی و مێـژووی میللـەتێك و دەسـەڵاتێکی تاوانبـار, بـە زۆری بەسـەریدا سـەپاوە, بـاس لـە دووژمنایەتی کردنی جوولەکە.... هتد , وە باڵادەستی عەرەب دەکرێت, باڵادەستی نەتەوەیەك بەسـەر سـەرجەم نەتـەوەکانی تـری ناوچـەکە, وە هـەروەها بـە ئاشـکرا میللـەتی کـورد بـە کەمـە-نەتەوەیـەك ناوزەنـد دەکرێـت, منـداڵی کـوردیش گوێڕایەڵانـە ئـەو مێـژووە دەخوێنێتـەوە!! , , کـوردیش لـەو ناوەنـدە نامۆیـەدا , هەڵوێستێکی ساردوو سڕی لە لاوە دروست دەبێت, وە هـەر لەبـەر ئەوەشـە هـەر لـەو سـاتانەوە , واتـا لـە قۆنـاغی سـەرەتای ژیـانی منـداڵی کـورد , بـە پەروەردەیەکی نیشتیمانی کوردستانی ڕاستو درووست چاوی هەڵنەهێناوە, ئیتر لەبەر ئەوەشە بەگشـتی مەسـەلەی پابەنـدبوونی مرۆڤـی کـورد بـە ڕووحـی نیشـتیمانپەروەری و هەسـتکردن بـە کوردیبوون و ناسینی کورد و کوردستان دەکەونە قۆناغێکی درەنگی تەمەن, بۆ نموونـە ,من بۆ یەکـەمین جـار نەخشـەی یـەکگرتووی کوردسـتانم لـە سـاڵی 1993 بینـی بـە ڕەنگـاوڕەنگ , ئەنستیووتی کورد لە پاریس چاپو بڵاوییان دەکردەوە , مێژوو و کارەساتەکانی بەشەکانی تـری کوردستان نەزانراو بوون, لە دەرەوەی کوردستانەوە زیاتر شارەزایی کێشەی میللەتەکەم بووم .

کاتێـك کوردێـك بەڕێکـەوت , یـان بـە تـەواوی هەڵبـژاردن و بڕیـاری خـۆی دووردەکەوێتـەوە لـە کوردستان, ئینجا هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی میللەتەکەی خۆی جارێکی تر دەدۆزێتـەوە , بەڵام ئەو جارە هووشیارانە مامەڵەی لەگەڵ دەکات, لە بەرئەوەشـە, ئەو جارە بە لـەدایکبوونێکی تـر دادەنرێت, ئەو لەدایکبوونـەی کە کەسایەتی منداڵ پـەروەردەی تایبـەتی بۆ دابین دەکرێت نـەك تەنها وەکوو جەستە. لێرەشدا باس لەو کاریگەریانـە دەکرێت کە بەسـەر مرۆڤـی کورددا دێت, کاتێك دووردەکەوێتەوە لە وولات, ئەو ساتانەی کە هـەموو ڕەهەنـدەکانی ژیـان دەگۆڕێت, کاتێك خۆی ڕەق و ڕووت بەرامبەر دوونیایەکی تری جیاواز دەبینێتەوە.

سـەرلەنویٚ بـەرەنگاری لـەدایکبوونێکی نـویٚی تـردا دەبێتـەوە, سـەرجەم پەیوەندیـەکان هەڵدەوەشـێنەوە ( پەیوەندیـەکانی خێـزان- خۆشەویسـتی دایـك و بـاوك- خوشـك و براکـانی- دراوسـێکانی ), تێڕوانینـی دەگۆڕێـت, لەبـەر ئـەوەی دەورووبـەری , دەورووبـەرێکی هووشـیارو نامۆیە بە تایبەتمەندیەکانی ئەو, ئیتر ئەو هەست دەکات, لـە نـاو کۆمەڵگایـەکی ترەو , ئیتر ئـەو ئاوێنەیە شکا کە خۆی تێدادەبینی و, ئیتر ئەوەی هەیە خۆیەتی و بەس.

تـاکی کـورد لـە هەنـدەران تووشـی نـامۆبوونێکی سـەیردەکات, ئـیتر لـەوێوە خۆشەویسـتی بـۆ نیشتیمان سەرلەنویٚ , وەکوو لەدایکبوونێکی تری ئەو مرۆڤە سەرهەڵدەداتەوە, بەچاوێکی تر سەیری ژیان دەکاتەوە, وە بۆ یەکەمین جار خۆشەویستیەکی ڕاستەقینە لـەلای دروست دەبێت, خۆشەویسـتی نیشـتیمانیش جـۆرێکی ئـەو سـۆزو خۆشەویسـتیەیە کـە لای ئـەو مرۆڤـە دروسـت دەبێت.

ئـەم شـیکردنەوەمان دەربـارەی بنچـینەکان و سەرچـەوە لۆژیکـەکانی ئـەو حالەتانەیـە کـە وا لـە مرۆڤـی کـورد دەکـات بـە گشـتی و بـە هەسـتێکی نیشـتیمانپەروەرانەوە هەڵسـووکەوت نـەکات , لەژیانی ڕۆژانەیدا, بۆ نموونە: هەست بە بەرپرسیاریەتی بەرامبـەر پاك و خـاوێنی شـارو جادەو کۆڵانانـەکانی وولات, ڕێزنـەگرتن لـە یاسـاو ڕێنمایـەکانی هاتووچـۆکردن, پارێزگـاریکردنی دارو کێڵگەکان, بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین : هـاوولاّتی هەسـتناکات ئـەو دەوروبـەرەی خـۆی موڵکی ئەون, دەبێت بیانپارێزێت, خۆشیانی بویٚ.

ئەو شیکردنەوە سەرەتایەکە بۆ ناسین و دەست لەسەر برینداناں و پاشان ,دۆزینەوەی چارەسـەر و دەرمـان بـۆ ئـەو دیاردەیـە. هـەموو ئـەو حالەتـە کۆمەڵایەتیانـەی دەیـانبیین , ئـەنجامن نـەوەکوو هۆکار و سەرچاوە, ئـەنجامی ئـەو بارودۆخـە ناهـەموارو دەسـت بەسـەربوونی میللەتەکەمانـە , بـە درێـژای مێـژووی کـورد و کوردسـتان, لەبەرئـەوە بـووە , کـە کـورد خـاوەنی دەوڵـەت و حکومـەت نـەبووە, ئیتر هەرچیەکی هـەبووبێت, ئـەوە بۆماوەیـەکی کـورت سـوودی لێوەرگرتـووە, هەمیشـە ماڵبەکۆڵ بووە, لەسەر سنوورەکان خۆی و دەستەسڕێك و هەندێك وورده نانی لە تورەگەی بووە, ئیتر خۆشەویستی و بەرپرسیاریەتی بەرامبەر وولات لەکوێ شوێنی دەبێتەوە ؟؟.

کاتێك مـرۆڤ خـاوەن هیچـی خـۆی نـەبێت, ئـیتر چـۆن بیر لـە خۆشەویسـتی نیشـتیمان بکاتـەوە, لەبەرئەوە ,هەتا هەست و سۆزی خۆشەویستی پێداویستی ماددی و بەرجەستەکراوی دەوێت.
لێرەدا دێمە سەر مێژووی ئێستاو ئەزموونی ئەمڕۆی کوردسـتان , ئـەو هەڵکەوتـە مێژووییـەی کـە بۆ یەکەمین جارە بەو قەوارەو بە کاریگەریەوە, کورد لە بەشێکی نیشتیمان بۆتە خاوەن قەوارە و , بڕیاری پەروەردەو بنیاتنانی بەدەستی خۆی بێت. ئەمرۆکـە نەوەیـەکی نویٚ لـەدایك بووە, ئـەو نەوەیەی تامی ئازادی و سەربەستی و ئاشتی کردووە, ئەو منداڵانەی ساڵی 1991 و بـە دووایـی

لەدایك بوونە, لە هەموو قۆناغەكانی ژیانیاندا , بە شێوەیەك و لەناو دەورووبەرێكی جیاوازدا گوزەران دەكەن, من زیاتر بۆئەوانە دەنووسم, لەبەر ئەوەی زیاتر من هیوام بەو نەوەیە هەیە, نەوەكوو نەوەی ئێمەومانان!, نەوەی كۆنی پێش ڕاپەڕین و دروستبوونی یەكەمین دەسەلاتی نیشتیمانی, ئەمڕۆكە ئەویش پێویستی بە پێداچوونەوەیەكی گشتی هەیە, وە ڕۆلی ئەوانەیە كە بە شێوەیەكی واقیع بینانەو مۆدێرن , نەوەی نوێ پەروەردە بكەن , بە شێوەیەكی بابەتیانە باس لە مێژووی كۆن و خەباتی نیشتیمانی بكەن, لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە, بە ئەمانەتەوە باس لە ڕابردووی نزیك و سەردەمی پێش ڕاپەڕین بۆ نەوەكانی نوێ بكەن, دەبێت بزانرێت, كوردستان و كەسایەتی كورد لە چ بارودۆخێكدا دەژیان و ئەمڕۆكە بە بەراوورد لەگەڵ وولاتانی هاوسێ و لایانی تری بیانی , كوردستانی عێراق لە چ بارودۆخێكی تردایە . (4)

فێری ئەوەیان بكەن كە بە چاوی بەرپرسیاریەوە , ڕەفتار لەگەڵ ئەم ئەزموونەی ئەمڕۆی كوردستان بكەن, وە هەر دووژمنایەتیەكی ئەم ئەزموونە خیانەتێكی گەورەی كوردو كوردستانە.

دیارە ڕۆلی دروستبوونی قەوارەی سیاسی و دەولەت زۆر گرینگە بۆ لەدایكبوون و هاتنە كایەیی هەستی نیشتیمانپەروەری و خۆشەویستی وولات , ناكرێت ڕۆلی ئەو پێشمەرگانە لەبیر بكرێت ( سەرجەم هێزو حیزبە سیاسیەكانی كوردستان و جەماوەری كوردستان بە گشتی ) , هەموو ئەوانەی كە بە خەبات و تێكۆشانیان, ئەم كەشووهەوایەو ئەم ئەزموونەی ئەمڕۆكە هاتۆتە ئاراوە.

بە درێژای مێژوو, گەلێك بەردیان لەسەر یەكتر داناوە, دیوارێكی دروستكردووە, بەلام ئەوەی گرینگە چی درووستكردووە ؟ پرسیارەكە ئەوەیە ,جیاوازی ئەمەی پێشوو لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆكە لەوەدایە كە ئەوەی ئەمڕۆكە , قووتابخانەیەكە, یان باخچەیەكی ساوایانە , یان كەنیسەیەكە و تیایدا خەلك خوای تێدا دەپەرستن , بۆ مۆلەتێك بێدەنگی تێدا دەنووێنرێت.

لەگەڵ هەموو ئەو گرفت و نووقسانیانەی كە ئەم ئەزموونەی ئەمڕۆكە پێیەوە دیارە, ئەمەش شتێكی زۆر ئاسایە, دەكرێت زیاتر كاری بۆ بكرێت, بەلام بە شێوەیەكی گشتی حالەتێكی پۆزەتیڤمان هەیە, بە هۆی ئەو شیكردنەوانەی بۆ كۆمەلگاكەمان ئەنجامدراون و ئەو دامودەزگایانەی ئەمڕۆكەی كوردستان , هەتا ڕادەیەكی باش تووانراوە, هاوولاتی كورد بخرێتە بەرامبەر نەك تەنها حەق و حقووقی سیڤیلی خۆی , بەلكوو هەروەها بەرامبەر بەرپرسیاریەتی , وەكوو تاكێك , وەكوو كوردێك یان وەكوو هاوولاتیەكی ئەو مەملەكەتە.

یەکەمیین قووتابخانە ماڵە و یەکەمیین مامۆستاش دایکە, لەبەرئەوەشە کە هەرچیەك بکرێت بۆ ئافرەتانمان , ئافرەتی کورد, ژنانی کورد , هەرچیەکی بۆ بخەملێت, هێشتا کەمە ,ئەگەر کۆمەڵگای کوردستان بەگشتی , ئەگەر بیەوێت پێشبکەوێت , ئەوا دەبێت بایەخێکی گەورە بە ئافرەت بدرێت, چوونکە ئافرەتێکی ڕۆشنبیرو خوێندەوار خێزانێکی خوێندەوار و بەرپرسیار دەهێنێتە کایەوە.

گرینگیدان بە چاککردن و بەرەو پێشبردنی بارودۆخی ئافرەتی کورد( پێداویستیەکانی و وویست و حەزەکانی ) , تاقە ڕێگایەکە کە کۆمەڵگا و خێزانی کورد لە کوردستان و لە هەندەران , کەسایەتی منداڵان و نەوەیەکی نیشتیمانپەروەر بهێنێتە کایەوە, کەسایەتی مرۆڤ بەهێز دەبێت ئەگەر بێتوو بە چەکی ڕۆشنبیری و تەندروستی کۆمەڵایەتی ئامادەکرابێت, بە پەیڕەوکردنی پەروەردەیەکی مۆدێرن و پێشکەوتووخواز , لەکەش و هەوایەکی هاوڕێیانەی ناوەخۆی خێزاندا پەیوەندیەکان دروست بکرێن ( پەیوەندی باب و دایك / کچ و کوڕ/ ژن و پیاو ) وە بە سۆزو خۆشەویستیشەوە ئەم پەیوەندیانە ئاو بدرێت, نەك بە چاندنی تۆی دووبەرەکی و درۆو دڵپیسی و دڵڕەشی.

قوتابخانە دووهەمین ناوەندی گرینگە بۆ منداڵانمان , کە هەر لەوێشەوەش منداڵ بۆ یەکەمیین جار خۆی وەکوو بوونەوەرێکی تر و سەربەخۆ لە ماڵەوەو دوور لە باب و دایك خۆی دەبینێتەوە, دەکرێت پێداچوونەوەیەکی سەرەتایی بە سەرجەم بابەت و ماددەکانی خوێندن دا ئەنجام بدرێت, بەتایبەتی بابەتی مێژووی کوردو کوردستان, وە داڕشتنەوەو نووسینەوەی کتێبی مێژووی کوردستان, هێندە کارێکی قورس نیە, ئەگەر ئەم کارە بە پسپۆڕان و مامۆستایانی زانکۆ بسپێردرێت. بەڕاستی مایەی نێگەرانی و دڵتەنگیە, کە ئەمڕۆکە ,پاش زیاتر لە دە ساڵ بەسەر سەرهەڵدان و دروستبوونی دەسەڵاتی کوردی , هەتاوەکوو ئەمڕۆش لەگەڵێك لە قۆناغەکانی خوێندن هەمان کتێبی مێژووی عێراق و وولاتانی عەرەبی دەخوێنرێن.

مەبەستمان لە خوێندنی مێژوویەکی تایبەت بە کوردو کوردستان , لەوەدایە, لەبەرئەوەی یەکێك لەو فاکتەرە یاریدەرانەی دروستبوونی کەسایەتی تاکی کورد و , پاشان دوابەدوا , وەکوو قۆناغێکی کامڵتر مرۆڤی کورد هەست دەکات وولاتێکی هەیە خاوەن مێژوویەکی کۆنەو ناوی کوردستانە , زیاتر لەسەر پێکهاتی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی ...هتد , زیاتر شارەزای و ئاگاداریی ماف و ئەرکەکانی خۆیانن , بەرامبەر بە خێزان , بەرامبەر بە وولات , بەرامبەر بە

**دەزگاکـانی دەوڵـەت, ئـەو کاتـە وورده وورده ڕەفتـارو تێڕوانینیـان دەگۆڕێـت بەرامبـەر هـەر ووردەکاریەکی مێژووی و کۆمەڵایەتی ئەو وولاتەی تێدا دەژین.**

**پاشـان قۆنـاغی زانکـۆش , وەکـوو تەواوکـەری قۆناغـەکانی تـری خوێنـدن, دەکرێـت ئـەویش پێداچوونەوەی زانستی بەسەر سەرجەم بابەتی خوێندن بکرێت, وەکوو سەرچاوەی نوێش ئەگەر نەکرا کتێبی نوێش ئامادەبکرێت, ئەوە دەتووانرێت بە ڕێکەووتن لە نێوان مامۆستایانی هەمان کۆلیـژ , لەسـەر نـوێترین ووتـاری درێـژی زانسـتی سەرچاوەکانی ناوەنـدو زانکۆکـانی ئـەوڕوپا و وولاتـانی پێشـکەوتووی ڕۆژئـاوا , بـە هـۆی کـۆپیکردن و وەرگێڕانیـان بابـەتی بـە پێـزو نـوێ پێشکەشی قووتابیان بکەن.**

**هـەموو ئـەو فاکتەرانـە هەسـتێکی نـوێ بـە خۆناسـین و دەروبـەرمان بـۆ دابـین دەکـات لـە لای کەسایەتی تاکی کورد ,پاشـان وورده وورده , هـاوولاتی هەست بە لێپرسیاری دەکات بەرامبەر کێشە چارەنووسیەکانی وولات, هەتا دەگاتە بە مووڵکیخۆزانینی تەنانـەت سندوقێکی پۆسـتی جـادەو شۆسـتەکانی کوردسـتان, پـاکڕاگرتنی شـوێن و مەڵبەنـدە گشـتیەکان, ڕێزگـرتن لـە سیستەمی هاتووچۆکردن, هەتا بچوکترین هەڵوێست و ڕەفتارەکانی ڕۆژانەی هـاوولاتی لـە ژیـانی ڕۆژانەیدا, ئەم بەرنامەو هێڵکێشانە بەیەکتریـەوە بەسـتراونەتەوە, لەبەر ئەوەشـە کـاتێکی زۆرمـان پێوویستە بۆ چاوەڕێکردنی ئەنجامەکانیان.**

**فاکتـەری پـەروەردەی خێزانـی و سیسـتەمی پـەروەردەی نیشـتیمانی , کـە ئـەرکێکی گرینگـی دەزگاکـانی حکومـەت و سیاسـەتی کۆمەڵایـەتی دەسـەڵاتە بـە گشـتی, ئـەم دوو بـووارەن کـە کەسایەتی هـاوولاتی کـورد دروسـت دەکـەن, وە هـەر دوایـی بـە دوایـش دەبنـە هـۆی ئـەوەش کـە هەستی نیشتیمانپەروەی و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا دیاریدەکات.**

**لـە ناوخێزانیشـدا, دەبێـت منـداڵان فێـری هونـەری خۆشەویسـتی بکـرێن, نـەك گێڕانـەوەی کارەسات و مەینەتیەکانمان بە تـەنها, لـەم بوارەشـدا نـەك هـەر تـەنها خێـزان بەرپرسن , بـەڵکوو دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش ( تەلـەفیزیۆن, ڕادیـۆ, بڵاوکراوەکـان ), بـە نمایشـکردنی بابـەتی چـاك و گرینگ لە بواری کۆمەڵناسی و دەروونـاسی منداڵان, هەر لە منداڵیەوە دەبێت فێری فەرهـەنگێکی نوێیان بکەن , فەرهەنگی ئاشتی و لێبووردن, دوور لە دەمارگیری و توندڕەوی.**(5)

ئەگەر بمانەوێت, هاوولاتی کورد هەستی نیشتیمانپەروەری هەبێت وولاتی خۆی خۆشبووێت, لەگەلّ واقیعی ئەمڕۆکەو داهاتووی نیشتیمان, بە شێوەیەکی چاکترو تۆکمەتر هەلّوێست وەربگرێت, مالّ و قوّتابخانەو ناوەندو دەورووبەری خۆی خۆشبووێت , وە لە کاتی تەنگانەو لێقەوماندا, نەك هەر بە قسە , بەلّکوو بە کردەوەش ئامادە بێت هەتا دوایین سات و دوا ئاستی خۆبەختکردن لە پێناو ئەو ئەزموون و ئەم دەسەلاتە نیشتیمانیەی کە ئەمڕۆکە هەمانە لە کوردستانی باشووردا, دەبێت بە شێوەیەکی زانستی هەریەکە لە خێزان , ڕوّلی ئافرەت بە شێوەیەکی سەرەکی وە هەروەها خێزان وەکوو یەکەمین بەرە, بۆ دروستبوونی گۆڕانکاریەکانی نێو کۆمەلّگا, خێزان بەهەر هەموو پێکهاتەکانی , هەموویان بخەینە ژێر لێپرسینەوەو لێکۆلّینەوەی زانستی. هەروەهابە پلەی دووەم, ڕوّلی سیستەمی پەروەردە و قوتابخانەو زانکۆکان ئەرکێکی سەرەکیان لە ئەستۆدایە.

دەبێت دەولّەت و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش, بە بەرنامەی داڕێژراو دابینکردنی پێداویستی ماددی و تەکنیکی لەگەلّ ئەو هەلّمەتەدا بێت. خێزان و سیستەمی پەروەردەیی وولات , وە ڕوّلی دەزگاکانی ڕاگەیاندن , هەموویان پێکەوە پێوویستیان بە پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەری گرینگ هەیە, بۆ ئەوەی نەوەیەکی نویّ پەروەردە بکرێت , کە تیایدا هاوولاتی هەست بکات کە بەڕاستی , ئەمڕۆکە لە ژێر سێبەری ئەزموونی کوردستاندا بەهایەکی گەورەی هەیە و ئەرکی داکۆکی لێکردنی لەسەر شانە .

خەسرۆ پیربالّ
Pirbal@hotmail.com

سەرچاوەو پەراویزەکان:

1-ئێریك فرۆم, هونەری خۆشەویستی, چاپی یەکەم, سولەیمانی 2000.
2-مەهاباد کوردی, ڕۆژنامەی میدیا ژمارە 106 / 2001 , کوردستان
3- نەزار قەببانی , دمشق نزار القباني,لاپەرە 27, بەیروت, 1999
4- خەسرۆ پیربالّ, ئەزموونی کوردستانی عیراق وبەرپرسیاریەتی , گۆڤاری مەتین, سالّی 1999,دهۆك.
5- خەسرۆ پیربالّ ,کولتووری ئاشتی , گۆڤاری مەتین ژمارە 105 , دهۆك, 2001
6- ڕەسوولّ هەماتۆڤ, داغستانی من, بەرگی یەکەم و دووهەم. بەغدا, 1985.